شۆڕش

# هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران و هەڵوێستی خەڵکی کوردستان

عومەر ئێلخانیزادە




- **گەلی کورد و تێکۆشەران و رووناکبیرانی کورد دەبێ نەك هەر لەهەڵبژاردن بەشداری نەکەن، بەڵکوو دەنگ هەڵبڕن و بڵێن  کە لەم سیستەمەدا کورد مافخوراو و بێبەشە.**

ماوەیەکە هەموو باڵەکانی ناو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی باڵی بە ناو ئیسلاحخواز، دەستیان داوەتە پێك هێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە لە شارەکانی کوردستان تا بتوانن کورەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئیسلامی نێلْ بدەن. تائێستا لە شارەکانی مهاباد، بۆکان، سنە و کرماشان چەندین دانیشتنی ئیسلاحخوازان ساز کراوە و هەروەها سکرتێری حیزبی موشارەکەتی ئیسلامی و پاڵێوراوی جێگری سەرۆك کۆمار، محەمەد رەزا خاتەمی، چۆتەشارەکانی مهاباد و سنە و سەعید حەجاریان پەیامی بۆ دانیشتنەکانی ئیسلاحخوازانی کورد ناردووە و هەموو حەول و دەولی ئەو جەنابانە ئەوەبووە کە کورد قانع بکەن لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا بەشداری بکەن و مەسەلەی نەتەوەیی و ئەسڵی بوونی نەتەوەی جیاواز لە ئێران، بخەنە پشت گوێ و لە بیری بەرنەوە. هەروەتر دەبینین و دەبیستین کە ئەوە هەر ئیسلاحخوازان نین وەگەڕ کەوتون، بەڵکوو باڵەکەی‌تری دەسەڵات و هەموو ئۆرگانەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئیتلاعاتیشەوە وەخۆ کەوتوون تا لە کوردستاندا خەڵکێکی زۆرتر بەرنە بەر سندووقەکانی دەنگدان.

پرسیار ئەوەیە ئەم هاودەنگی و هاوئاهەنگییەی نێوان هەموو باڵەکانی ناو کۆماری ئیسلامی و دەزگاکانی حکوومەت، سەرەڕای ناکۆکی نیوانیان، لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ بۆچی تەنانەت ئیتلاعاتییەکانیش وەبیر "نوخبەی کورد" کەوتوونەتەوە؟ بۆ رەمەزانزادەی وتەبێژی دەوڵەت، دەم لە مەسەلەی کورد وەردەدات؟

گومان لەوەدا نییە کە دۆست و دوژمن تێگەیشتوون کە مەسەلەی کورد لە ناوچەکەدا گرینگییەکی تایبەتی پەیدا کردووە و ئەگەری ئەوە هەیە کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا، دەورێکی بەرچاوی هەبێ. کێ هەیە نکۆڵی لە دەستکەوتەکانی کورد لەو دیوی سنوور و کوردستانی عێراق بکات و نەزانێ پێشوەچوونەکانی تا ئێستا دۆخی کوردی لە هەموو کوردستان هەنگاوێك بردووەتە پێشێ. ئەو راستییە هەموو حکوومەتە داگیرکەرەکان و هەموو حیزب و کەسایەتی پاوانخواز و شوونیستی ترساندووە و خستوونیە بیری ئەوەی کە بە چەشنێك ئەم رەوەتەی ئێستا وا لە قازانجی کوردە، لەباری بەرن، یەکگرتوویی و یەك ڕەوشتی هەموویان لە کوردستان، ڕێك لەو نیازەوە سەرچاوە دەگرێ. ئیتیلاعات، سپای پاسداران، ئیسلاحخواز و پاوانخواز لەمەڕ کوردستان بوونەتە یەکدەنگ و تێدەکۆشن بە هەر جۆرێك بووە وابنوێنن کە کوردی ئێران دڵخۆشن بەم هەڵبژاردن و سیستەمە و، مەسەلەی کورد لە ئێراندا بێڕەنگ بکەنەوە.

ئەوانە بە نیازن بە هەر فێڵێك بووە کوردی ئێران و مەسەلەکەی لە بەرچاوی رای گشتی ناوچە و جیهان کەم بایەخ نیشان بدەن و چکۆلەی کەنەوە. هەر بۆیە ئاغای رەمەزانزادە دەبێتە دڵسۆزی کورد تا بتوانێ مەسەلەی کورد و سوننی تێکەڵ بەیەك بکات و بڵێ بەهەرتك لایان "سێ ملیۆن" دەنگیان هەیە. ئەو قسەیە نەك دیفاع لە کورد نییە، بەڵکوو دژایەتی ئاشکرای کوردە و، مەبەستی شێواندن و کەمکردنەوە و بێناوەرۆك کردنی ماف و داخوازی خەڵکی کوردە. بە تەمان دوو دڵی و تەوەهۆم لەناو خەڵکی کوردستاندا دروست بکەن. بە زۆر هۆی دەرەکی و ناوخۆیی ئێستا خەڵکی کوردستان هەم هیوایان بە داهاتوو زۆرتر و روونترە لە جاران و، هەم بڕوا بە خۆ بوون تێیاندا گەشەی کردوە و رادەی خەبات و ئیعترازیان بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە. هەموو دەسەڵاتدارانی ئێران لایان وایە کە دەبێ بە چەشنێك ئەم رەوت و پرۆسەیە خاو بکرێتەوە و بە لارێدا ببرێ. راکێشانی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردن و پێکهێنانی ئەو وەهمە کە گۆیا بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری دەبێتە هۆی زیادبوونی

وەزنی کورد و لەم ڕێگایەوە مافەکانی کورد دەدرێنە بەر باس، لە ڕاستیدا ڕێکارێکە بۆ فریوی خەڵکی کورد و بۆ نیشاندنەوەی هەست و نەستی مافخوازانەی ئێستایان.

هۆی ئەم یەك ڕەوشتی و هاوئاهەنگییە تەنیا و تەنیا دژایەتی کردن لەگەڵ مەسەلەی کورد و کەم بایەخ کردن و بێناوەرۆك کردنییەتی. ترس لە مەسەلەی کورد و کوردستان، وای کردووە کە هەموو لایەنە شوونیستەکان لە ناوەوە و دەرەوەی دەسەڵات، ئەو هەستەیان لا دورست ببێ کە با لەناوخۆشیاندا ناکۆك و ناتەبا بن، باهەموو نیاز و ڕەوشتیان وەك یەك نەبێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەوڕۆکە بە جۆرێك کۆرپەی کورد و دێمۆکراسی لەبار ببرێ. با کورد لەبەر رای گشتی سووك بنوێنن و لەناوخۆشدا داخواز و مافەکانیان بێناوەرۆك کەن. ئیتر بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی ئێران ناتوانێ بە هاسان سەر هەڵبێنێ. جیا لەو هۆیانە، ئیسلاحخوازانی ناودەسەڵات کە بە تەواوی وەلا نراون و پێدەچێ ئاخر کورسی ناو حکوومەتیش بە زوویی لە دەست بدەن، هەوڵ دەدەن بە کوردستان خۆیان بگرنەوەو، هێز کۆبکەنەوە بۆ داهاتوو و شەڕی خۆیان بە خەڵکی کورد بکەن.

ئەوانە هەتا لە دەسەڵاتدا بوون دژی کورد بوون و هیچیان بۆ کورد نەکرد، ئێستا کە لێکەوتوون و هیچیان بە دەست نییە، دەیانهەوێ بە سەر شانی کورددا جارێکی دیکە وەسەر کەون و ڕەمەزانزادە وەبیری دەکەوێتەوە بابی کورد بووە. ئێمە هەموو ئەم کردەوانە بە درۆینە و فریوکارانە دەزانین.

هەموومان دەزانین کە مەسەلەی کورد وەك نەتەوەیەکی گەورەی زوڵم لێکراو و بێماف لە جیهاندا زۆرتر لە جاران زەق بووەتەوە. بەتایبەتی ئاڵوگۆڕەکانی ناوعێراق و بەشداری کورد لە دەسەڵاتی ناوەند و قبوڵی فێدراڵیزم گوڕوتینێکی نوێی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بەخشیوە. جیا لەوەش لە ئێرانی فرەنەتەوەدا کە هیچ نەتەوەیەك بە تەنیا زۆرینە نییە، مەسەلەی نەتەوایەتی و ئیدارەی داهاتووی ئێران بووەتە جێگای باسی هەمووان و کەس نییە نەیزانێ کە گەلی کورد بە هۆی ئەوەی کە چارەکە سەدەیەکە دژ بە کۆماری ئیسلامی و بۆ مافەکانی خۆی دەجەنگێ، دەتوانێ دەورێکی گرینگی لە سیاسەت و داهاتووی ئێراندا هەبێ. بە زمانێکیتر هەڵکەوتەی سیاسی و جوغرافی کوردستان وای کردووە کە بزووتنەوەی کورد لە ئێران بتوانێ ڕۆڵێکی گرینگی هەبێ و یەکێك لە کۆڵەکەکانی دێمۆکراسی بێ.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە چاو لە هەڵبژاردن و پێوەندی کورد و کۆماری ئیسلامی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە لەم بیست و پێنج ساڵەدا، کۆماری ئیسلامی بە هەموو باڵەکانییەوە دژ بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەی کاریان کردووە و ئێستاش کە ئیسلاحخوازان و کەسانیتر دەم لە مافی کورد و وەردەدەن، ڕێك بۆ ئەم مەبەستەیە کە داخوازییەکانی کورد بێناوەرۆك بکەن، بۆ ئەوەیە کورد بکەنە سوونی و شیعە و لە مەسەلە نەتەوەییو داخوازی دێمۆکراتیك دایبڕن و کورد لە ڕەوتی پێشکەوتنخوازی ناو ئێران جیا بکەنەوە. بە کورتی لە لیباسی دۆستدا خەڵکی کوردستان بکەنە قۆچی قوربانی.



گەلی کوردیش لە هەموودەرفەتێك دەبێ کەڵك وەربگرێ و ئەم ڕاستییە بە گوێی خەڵکی جیهان بگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی نەك هەر لە کوردستان پێگەی نییە، بەڵکوو دژ بەم گەلە دەناسرێ. ئێمە دەبێ نیشانی بدەین کە لەسیستمی کۆماری ئیسلامیدا تەنیا مافخواردن و سەرکوتکردن بەشی کورد بووە و چیتر. پێویستە دۆست و دوژمن تێبگەن کە شۆڕشی کوردستان وەزنی خۆی لە ناو گەلانی ئێران و لە خەبات بۆ ئازادی دیوەو، دەیناسێ. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان بە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردندا دەتوانێ ئەم پەیامە بداتە رای گشتی ئێران و جیهان کە خوازیاری گۆڕانی ئەم ڕژیمە و وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیەتی. کاتێك بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە بزانن کە سندووقەکانی دەنگدان لە کوردستان خاڵی بووە، چونکوو بەبێگومان ئەوە ناشاردرێتەوە و دەنگ نەدانی کورد سرنجی هەمووان ڕادەکێشێ و مەسەلەی کورد لە ئێران جارێکیتر زیاتر دەکەوێتە بەر دیدەی جیهان و ئێمە قەت نابێ ئەم هەلە لە دەست بدەین.

جیا لەوانە پێویستی یەکێتی و پتەوی ڕیزەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان دەخوازێ کە هەموومان بەیەك دەنگ حەوڵ بدەین کە مافە ڕەواکانی ئەم گەلە بە ڕەسمی بناسرێ و نەخرێتە پشت گوێ. هیچ هەڵبژاردن و دەسەڵاتێك نابێ بە ڕەسمی بناسرێ و مۆری تەئید لە شانۆگەری ئینتخابات بدرێ، مادام بە ڕاشکاوی بوون و مافی خەڵکی کوردستانی نەسەلماندبێ. هەروەك لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم دا خەڵکی کورستان دەنگیان نەدا و بەو کارەیان بیروڕای جیهانیان ئاگادار کردەوە کە مەسەلەی کورد لە ئێران بە جیددی وەربگیرێ و خەڵکی ئێرانیش زانیان کە کورد خۆی لەم ڕژیمە جیا کردۆتەوە، ئێستاش لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا هەر بە دەنگ نەدان دەتوانین بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێران هەنگاوێك بەرەوپێش بەرین و پشتیوان و هاودەنگی بزووتنەوەی دێمۆکراسی خوازی لە ئێران بین.

گەلی کورد و تێکۆشەران و رووناکبیرانی کورد دەبێ نەک هەر لەهەڵبژاردن بەشداری نەکەن، بەڵکوو دەنگ هەڵبڕن و بڵێن  کە لەم سیستەمەدا کورد مافخوراو و بێبەشە و هەڵبژاردن و دەنگ نەدان بکەن بە مەیدانێك بۆ لەقاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان. بەشداری نەکردنی کوردی ئێران لە هەڵبژاردندا دەبێتە هۆی پتەوی زیاتری پێوەندی کوردی ئێران لەگەڵ باقی ناوچەکانیتر و، بە گشتی مەسەلەی کورد زۆرتر دەخاتە بەرچاوی کۆڕ و کۆمەڵ و بیروڕای نێودەوڵەتی.